پەروەردە و خوێندنی باڵای هەرێم کاتی دەستپێکردنەوەی دەوامیان ڕاگەیاند

وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا کاتی دەستپێکردنەوەی دەوامیان ڕاگەیاند

لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا کە ئەمڕۆ هەینی (٢٠٢٦/٣/٢٧) بڵاویانکردەوە، هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایانگەیاند، کە ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو ڕێککەوتی ٢٩ی ٣ی ٢٠٢٦، دەوامی سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان دەستپێدەکاتەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە کە پاشتر هەردوو وەزارەت لە ڕاگەیەندراوی جیادا وردەکاریی زیاتر و ڕێکارەکان بە ڕای گشتی دەخەنە ڕوو.